# جێژوانی چۆڵ

غەریب پشدەری

جێژوان چۆڵە، یەکجار تەنیام
هەتاکەی چاوەڕوانت بم
تاکەی چاو لە ڕێی دیدار و
هاتنی بەرەو جێژوانت بم

تاکەی چاوەڕێ بم، کچێ!
چاوی چاوەڕوانیم شل بوو
پێڵووی وەنەوزی شەکەتیم
بەسەریەکا، لارەمل بوو

نەخەوم ماوە نە خۆراک
ئەوەندە تاسەی تۆ دەکەم
غەریبیی خەوی سەر سینگ و
گەرمیی هەناسەی تۆ دەکەم

زۆر دەمێکە گەرمیی لەشی نەرمونۆڵت
تەزوویان تێ بەرنەداوم
قۆڵ و بازووی سپی و سۆڵت
لە گەردن وەرنەهێناوم

زۆر دەمێکە هەناسەی ساردی حەسرەتم
تێکەڵ هەناسەی گەرمی تۆ نەکردووە
دەستم بۆ بەر کۆژەی سینگ و
بەرۆکی تۆ نەبردووە

کەی دێیتەوە، بەسەرخاکی...
وشکارۆی دڵما ڕابری
تا کۆرپەی «تاسە و ئاواتم»
دووبارە لەباوەش گری!

دەوەرەوە، گوڵی ژاکاوی پەژموردەی..
مێرگی گیانم پاراو کەوە
لەگەڵ شنەی شەوبای شەوێ
بۆنوبەرامەی مێخەکی، بەرگەردەنێت بڵاوکەوە.

٢٠١٨/٤/٥

